کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
13-8-2007 22:30بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## لە شەهید/ فەلاح ئەحمەد ڕەشیدەوە بۆ سەرکردایەتی سیاسی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان/ بەڕێز بە هۆی بەڕێز:- ڕۆژنامە نووس و سەرکردە کاک ئازاد جوندیانی بەرپرسی دەزگای ناوەندی ڕاگەیاندنی ی ن ک بابەت/ لەوە زیاتر غەدر مەکەن!! ناتوانم سەداکانی خۆم کپ تر بکەم

سڵاوێکی کوڕێکی دۆستێکی دێرینی خۆتان و مرۆڤێکی ون بوو لەبەرچاوتان لێ بێت. من فەلاح ئەحمەد ڕەشید م برادەرانی وێنەرگر لەتەلەفزیۆنی گەلی کوردستان ئەم نازناوی شەهیدیان پێ بەخشیم!! لەبەر ئەوەی من سێ جار بە شەهید درام لەقەڵەم خەرجی یەکی زۆرش کرا بۆ پرسەکانم! خۆزگە ئەم ڕۆژەم بە چاوی خۆم نەبینیایە، هەر زوو ئەو شەرەفەم وەرگرتایە، بەهەر حاڵ تکایە لەتەکما بێن هەتا کۆتایی ئەم بابەتەم،



خوێنەرانی بەڕیز! خاوەن ویژدانەکان!، دادە نەفێ دایکی شەهیدفاتیح شێخ حەیدەری هەڵەبجەیی یەکەم شەهیدی ی ن ک، ڕۆژنامەنووسە خۆشەویستەکان! ئەدیبان، هونەرمەندان، هاوڕێ وکەس و کارەکانم لە هەڵەبجە، پێشمەرگە دێرینەکان، هاوڕیکانم لە گەرمیان، برا وێنەگرەکانم، خوێندکاران، ژنانی داوێن پاک، بنەماڵەو کەس و کاری شەهیدە سەربەرزەکان، مامۆستایان و زانایانی ئاینی، کەرت و کۆمیتەکانی ناو ی ن ک هەر لە هەورامان و هەڵەبجە و شارەزوور و تەواوی گەرمیان و قەرەداغ و پێنجوێنی هەمیشە سەوز! و شاربازێڕ و ناوچەی باوزێ و قەڵادزێی 2 جار شەهید و ڕانیە و بتوێن و مەرگە و کانی توو و شاخی قەندیل و کونەکۆتر وکەوگەز و دۆڵی باڵەیان و باڵەکەیاتی و بالیسان و دۆڵی ئاکۆیان و کۆندی شێرەی خوار و سەرو و دۆڵی مەلەکان و دانیشتوانی گوندی خەتێ و دۆڵی شەهیدان و شاخی سەکران و قەسرێ و حاجی ئۆمەران و چۆمان و گەلاڵە و پردی حافیز و خەلیفان و گەلی عەلی بەگ و ڕەواندوزی خۆشەویست و ئاوە سازگارەکەی جوندیان و تاقگە و هاژەی بێخاڵ و دولی هیران و نازەنین و گردی گەورە و گردی جاسوسان و عاقوبان کەپکی شیلانە و شەقلاوای خۆشەویست و شاخی شەکرۆک و کلاو قاسم و دۆڵی سماقولی و شارەکەی حاجی قادری کۆیە و دەشتی بەرازان و دەشتی کۆیە و تەقتەقی هێژا و دانیشتوانی گۆندەکەی شەهید عەلی عەسکەری و گۆپتەپەی ئازیز و ئاغجەلەر و تەکێ و بەردەقارەمان و چەمچەماڵ و کەلی سەلبات و ناوچەی جەباری و وەستاخدر و هەردوو گۆل باخەکان و شارۆچکەکەی فەرهاد سەنگاوی، سەگرمەی سەرکەش و خاوێ ی دلگیر، شێخەکانی مێولێ و دێلێژە، باسەرە گیان، قازان قایە و تەنگیسەرەکەی شەهید ئارام! قۆپی قەرەداغ و سێ و سێنان و گوندی بەلەک جار وجافەران!! دەربەندیخان، بانی بی یەکەی شەهید مەحمودی مامە عەزە و سەلامی کوێخا عەزیز! دەشتەکەی پەروێزخان و ناحیەی قۆرەت و سەربازگەکەی تۆپ عەسکەر، قەڵای شێروانە، ئێوارانی بەهاری گوێ ڕوباری سیروان، ئۆردوگای سمود، سەرقەڵاکەی مەلا سەعید! کفری یە بێ نازەکە! بریم نەچێت دێگەڵە و گردی گۆی 1000 جار بریندار! ئازیزان و خۆشەویستان، ئەم ناسنەوە؟؟ من فەلاح ئەحمەد ڕەشیدم، ئا ئا فەلاحی وێنەگری تەلەفزیۆنی گەلی کوردستانم، ، ئا ئەوەتا ناسنامەکەشم هەرپێماوە و شانازیشی پێوە دەکەم، ئێستا ئەمناسنەوە؟؟ بە دار و بن بەرد و شاخەکانتان بڵێن فەلاح کێ بوو؟ بە بنەماڵە و کەس و کاری شەهیدە سەربەرزەکانتان بڵێن ئەم کوڕە کێ یە؟؟ بە هەموو بیرەوەری و ڕۆژە سەختەکانی خۆتان بڵێن ئایا فەلاح یش لە خۆشی و ناخۆشی یەکانماندا بەشدار بوو

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

یا نا؟ ئەوسا تکاتان لێ دەکەم ئەم نامەیەم بگەیەنە دەستی کاک ئازاد جوندیانی بەڕیز وبائەویش لە ڕێگای خۆیەوە بە ویژدانەوە بیداتە دەستی سەرکردایەتی ی ن ک.

چ زوو بوو بەناهەق ئێمەتان لەبیر کرد؟؟ خۆ هێشتان بەشی نەفەسێکی جگەرەیەک گیان لە ناو لەشمدا ماوە، پەلەتان چی بوو؟ منتان خستە ژێر پێڵاوی ئیمزاکانتانەوە؟ بۆ وا زوو منتان لە بیر کرد؟؟ خۆ من هەر کوڕەکەی کانی عاشقان و خزمەکەی[ شەهید قادر کۆکۆیی] و [شەهیدمەحموی حاجی فەرەج]ەکەی خاڵخاڵانم! من ئەو کەسەم 65 شەهیدی سەربەرزم هەیە لەناو تایفەو عەشیرەتی کۆکۆیی لە شۆڕشی ئەیلول باڵی مەکتەبی سیاسی واتە [جەلالی] و شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بەڕابەرایەتی[ ی ن ک]، من ئەو وێنەگرە بووم لەتەک خوالێخۆش بوو دڵشادی لای کاک کۆسرەت و بەکر فەرەج و هاوڕێ عەزیز و هەردی عومەر و ئاکۆ عومەر و مەریوان عەبدوولا و ڕێبواری عەلی وەستا قادری هەڵەبجەیی و دانا بەکر و بەختیار فەتاح و کاروانی شێخ عوسمان و بورهان و ڕیبواری مەڵبەندی سلێمانی وێنەگرەکانی ئەوکاتەی کە تەنها 9 مەڵبەند بوون، هەر ئێمەبووین لە ڕۆژانی سەختی خەباتی شەری کفری و سەرقەڵاو جەلەولاو بانی مەقان و دەشتی هەمەوەند و زەنگەنە و قادر کەرەم و ناوچەی خانەقین دژ بە بەعسی یە لەناوچووەکان و شەڕی ئەوکاتەی ناوخۆ دا هامڕای براپێشمەرگەکان بووین، کێی تر هەبوو لە ئێمە زیاتر لە کۆڕی خەباتدا لەتەکتان بێت؟ شەهید[ سەی جەوهەر] گۆڕ هەڵتەکێنە!! وەرە قسەکردن، تۆ ئەو خوێنە پاکەت کەبەناهەق ڕژایە سەر شاخی شەکرۆک!! لەوکات وساتی شەهید بوونی تۆدا؟؟ کامێراکەی بەندەی دڵسۆز نەسووتا؟؟ کاک عەباس بەدری و کاکە موکری گیان و برای ڕۆژنامەنوسی ڕاستگۆ کاکە ستران ئێوە شاهیدی حاڵن ئێوە لەباتی شەهید سەی جەوهەر بێنە قسە خۆ هەرهەمووماں لەتەک کاکە عوسمانی حاجی مەحمودا پێکەوەبوین!! کاکە کوردۆ قاسم؟؟، تۆ داستانی هەڵۆی سوور ئەم فەلاحە نەبوو لەهەڵەبجە ئەچوو بە گژ جەنگی جەهالەت و ڕیش تەورەکاندا؟؟؟ لەتەک تۆدا ساڵی 1994 خوێنی خۆمم نەکردە کاسەوە؟ کێ بوو شەهید براهیم بۆینی و شەهید عامری حەلاق و شەهید فەلاح سەرقەڵایی لەکاتی شەهید بوونیاندا کامێراکە و تفەنگەکەی ئەوانی هەڵگرتەوە؟؟؟ تەرمە بێ نازەکانی بەجێ نەهێشت؟؟ کاک جەبار فرمان ئەو قەبرەت پڕ لە نووربێت، ئێستا هەواڵی کۆچی دوایی تۆم بیست لەکاتی ئەم نوسینەمدا! پەلەت نەکردایە تەها ساتێک بەسەرکردایەتت بتوتایە تکایە فەلاح یش ماوە و لە بیری مەکەن!! خۆ کاکە ئازاد خانەقینی نەماوە هەتا ئەو پێتان بڵێت!! بەڵام کاک ئەحمەد خانەقینی ماوەی مناڵان ماوە ئەگەر شاهیدیم بۆ بدات و پێتان بڵێت[ من و ئازاد خانەقینی بوین وتمان سەرکردەی ئازای وەک کاک جەبار فرمان!! ئەبێت وێنەگری ئازا و جەربەزە و چاونەترسی وەک فەلاح ئەحمەد ڕەشیدی لەگەڵ بێت.

بەڕێزان، خۆشەویستان، بەخێرایی دەچمە ناو باسەکەم، خوێنەرانی خۆشەویست لەوە زیاتر بە شان و باڵی خۆمدا هەڵنادەم، کەمم وتوە و زۆری ماوە، ئەو ناوچە و جێگایانە بەسە بۆ شاهیدی من لە ناو ڕیزەکانی ی ن ک لە ساڵی 1987 تەوە هەتا کاتی نووسینی ئەم بابەتەم ئیشم کردوە و هیچ کاتێکیش خیانەتم لە گەل و شۆڕش نەکردوە، کاک هەردی عومەری وێنەگر و برادەرم لەو ماوەی پێشودا بە منی وتت تۆ بۆ بابەت لەسەر خەڵک ئەنووسیت؟؟ ئەی بۆ سەدا کپ کراوەکانت ئاشکراناکەیت؟ هەی داماو هەی غەدر لێ کراو!!!! منیش پاش بیرکردنەوەیەک وتم ڕاست ئەکەیت، ماوەی یەک ساڵ و هەشت مانگە من گۆرانی بە باڵای بوونی کەناڵی ئاسمانی تەلەفزیۆنی گەلی کوردستانەوە ئەڵێم، ئەو تەلەفزیۆنەی کە منی کرد بە مرۆڤ! لەوێوە من خەڵکم ناسی و خەڵکیش منیان ناسی و منیش خۆمم ناسیەوە! لە ساڵی 1995 هەتا کۆتایی ساڵی 2000 کارمەندی ئەو کەناڵە شیرینەبووم، بەڵێ پاش ئەوەی هەواڵی ئەوەم بیست کە ئەم تی ڤی یە ئەبێتەکەناڵێکی ئاسمانی!! دەست بە جێ من نامەم نارد بۆ کاک ئازاد

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

جوندیانی و کاک شوان کەریم کابان ئەوکاتە ئەویش غەدری لێ نەکرابوو ئەوکاتە هەر ئەو بەڕێوەر بوو، لەو نامانەمدا پێشنیازم کرد کەوەک کارمەندێکی دڵسۆز یان وەک وێنەگرێک یان وەک پەیامنێرێک کاربکەم، بە کاک ئازادم وتت ئەگەر کاک هەڵگوردی برات و سەلاحە ڕەشی برام لە سوید بێت؟ من خۆم لەوان بە موستەحەق تر ئەزانم، هەردی عومەر و بەختیار فەتاح و بەناز خانی خێزانی کاک هەردی و میران عەلی بە منیان وتت، لە هەموومان زیاتر تۆ موستەحەقی ئەو جێگایەیت، هەوڵ بدە با ئەو تۆپە لەقاچی تۆدابێت، چونکە ئەزانین بەرەو ئامانجی ی ن ک دەیبەیت و ئێمەش زەرەر ناکەین و هاوکاری یەکتریش ئەکەین وەک و کوردسات، وەک خێزانێک کار ئەکەین، هەڤاڵانی کەرتی ڕێکخستنی ستۆکهۆڵم وکەرتەکانی تری سویدی سەربە کۆمیتەی ڕێکخستنی سویدی [ی ن ک] هەمان شێوە هەڵوێستیان هەبوو، نامەیان ئاراستەی دەزگای ناوەندی ی ن ک کرد وەک پشتگیری کردن لە من، حیزبەکانی تریش بە برادەرانی پارتی دیموکراتیشەوەوە بە منیان وت تۆ کەسێکی عاقلیت لەگەڵ سیاسەتی[ ی ن ک] کار دەکەیت ئەگەر پارتی و یەکێتی شەڕ بکەن تۆ خۆت و کامێراکەت و قەڵەمەکەت و بیر و هۆشت دژ بە پارتیمانە، ئەگەر دۆستیش بین؟ ئەوا تۆ یەکەم کەسیت بەشداری ئەکەیت لە گفت و گۆی ڕێکەوتنەکان، یەکەم دانیشتنی شەقلاوا لە ساڵی 1998 شاهیدی حاڵە، ئاشتی خوازیشی، هەرگیز دژ بە کۆمەڵگای کوردی کار ناکەیت، خۆشەویستیت لای جەماوەری سویدی یەکانیش بەتایبەتی خوشک و برا کوردەکان، بەڵێ بەهەمان شێوە هونەرمەندان و ئەدیبەکان و ژنان و خوێنکاران و دار و بەردی ئەم سویدە هەمان هەڵوێستیان هەبوو، من زۆر سوپاسیان ئەکەم، پاش ئەوەی کاک بەختیار فەتاح لەتەک کاک ئاکۆ عومەر بە ئامادەبوونی کاک دڵزار خوشکەزای کاک ئازاد جوندیانی، دەچنە لای کاک ئازاد جوندیانی پێی دەڵێن فەلاح باشە ئەگەر ئەو دابنێن پێمان خۆشە، کاک ئازاد دەڵێت باشە فەلاح خۆ سوید یەکەی لە 100% نی یە بۆچیمانە!!! کاک نەوزادی پەیامنێری کوردستانی نوێ لە سوید لەسەفەرێکیدا بۆ کوردستان بە کاک ئازادی وتبوو، هەر فەلاح باشە، کاک ئازاد خوای لێڕازی بێت تەمەنی درێژ بێت وتی ئەو کوڕە نە ئیقامە و نە جنسێی هەیە بۆچیمانە!! کاک نەوزاد پێی دەڵێت!! ئایا ئێوە ئەزانن فەلاح بۆ ئیقامەی نی یە؟؟ بێگومان نەخێر نازانن، فەلاح کەسێکی ڕاستگۆ و دڵپاکە تەنانەت ئەو ڕاستگۆیی و دڵپاکی یەی زۆر جار تۆشی هەڵەی گەورەی دەکات و زەرەر زۆر ئەکات! بۆ نمونە فەلاح لە دەوڵەتی سوید وتویەتی من وێنەگری ی ن ک بووم هەر لە هەڤاڵ مان جەلال و کاک کۆسرەت و برادەرانی م س و سەرکردایەتی ی ن ک دەمناسن و دەیان ناسم و خەڵکی هەڵەبجەشم، ئیدی کاک ئازاد فەلاح ئەوە بۆ 7 ساڵ ئەچێت سەرگەردان و بەخت ڕەش بووە، قسەی ئەو پیاوە بەڕیزەش نەچوو بە گوێی کاک ئازاد دا، دواتریش ئالان عەبدوڵا پێش ئەوەی ماستاو چی یەکان تەقریری لێ بدەن لە لێپرسراویەتی بەشی کامێرا لای بەن کاک کاروانی شێخ عوسمان ئەویش بەهەمان شێوە بەر لەوەی لای بەن هەر جەختیان لەسەر من ئەکردەوە! زۆر کەس و برادەر هەبوون هەمان هەڵوێستی باشیان هەبوو لەسەر من، بەڵام بە داخەوە، !!! جارێکیان لە سوید- ستۆکهۆڵم وا ڕێکەوت کاک ئەرسەلان بایز و کاک عومەری سەید عەلی و مامۆستا جەمال حاجی محەمەد و کاک بورهان حەبیب نوێنەری [ی ن ک ] لە سوید وچەند کارگێڕێکی مەڵبەندی دەرەوەی ی ن ک و کۆمیتەی سوید لە ماڵی باڵوێزی عێراقی کاک ئەحمەد بامەڕنی بووین! کاک عومەر بە منی وتت باشە با بزانم کاک ئازاد بۆ قینی لێتە و بۆ تۆ دانانێت؟ منیش لە وەڵامدا وتم کاکە گیان هەر لەبەر ئەوەی من ماستاوچی یەتی و مامەحەمەیی و ترسنۆکی خۆم نیشان نادەم و[ ئحم ئحم ئحم]!!! کاک عومەر بە سوبعەت و بەدەم پێکەنینەوە وتی فەلاح ئەزانی تۆ کەریت؟ منیش بە پێکەنیوەوە وتم تۆ ڕاست ئەکەیت ئێمەی کورد وشەی[ کەر] زۆر بە خراپ ئەزانین [ کەر ] وشەیەکی تاکە و بکەریشە وشەی کەر لە کارەوە هاتووە، واتە هەرچی یەکی پێبڵێیت بێ سێ و دوو بۆت ئەکات

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

یان هەر بارێکی لێبنێت لەسەر پشت هەڵی ئەگرێت گوێ ناداتێ، پێم وت ئەگەر ئەو کەرە بم ئەوا زۆر سوپاست ئەکەم، وتی نەوەڵا تۆ ئەبێت ماستاوی بکەیت نابیت لەماڵەوە بۆ خۆت دانیشیت برام، ، وتی ئێمە لە ڕۆژێکدا 70 کەس ئەبینین 60 کەسیان ماستاوی بۆمان ئەکەن، عەرزەیان ئەدەینێ و تەعینیان ئەکەین، لەم کاتەدا مامۆستا جەمال وتی لەوەتەی من فەلاح بناسم هەتا ئێستا دوو سیفاتی تێدا نی یە، یەکەم ماستاوچی یەت و دووهەمیش ترسنۆکی، بڕواناکەم فەلاح ئەوە بکات بۆیە غەدری زۆریشی لێ ئەکرێت، کاک عومەر وتی ئەوا من و کاک ئەرسەلان بایز ئەڕۆینەوە بۆ کوردستان یەکەم کار ئەمەی تۆ جێ بەجێ دەکەین بە دەزگای دارایی دەڵێین موچەیەکت بۆ سەرف بکات ئەگەر کاک ئازاد ناڕازی بێت لەسەر تۆ!! ئەوا ئێمە وەک مەکتەبی سیاسی بۆت ئەکەین، ئەوا 4 مانگ تێپەڕی ئێوەی خوێنەر موچەتان وەرگرت و بونە پەیامنێر و وێنەگری ئەو کەناڵە!! فەلاح هەر نەبوو، دیارە کاک ئازاد دەڵێت[ با فاتە لە کانی بگەڕێتۆ] ئەمە هەمان مەسەلەکەبوو کە دایکم و باوکم ئەگەر شتێکی منیان بەدڵ نەبوایە وایان بە من دەوت، بەهەر حاڵ سەرتان نەیەشینم ماوەیەکی تر تی ڤی گەلی کوردستان ئەبێتە فەزایی، لەم کاتەدا پاش ئەوەی قسەم لەتەک مامۆستای خۆشەویست هونەرمەندی گەورەی گەلەکەمان ئەنوەر قەرەداغی کرد پێ ی ڕاگەیاندم هەرگیز بەتەمامەبە بتکەنە پەیامنێر یان وێنەگر ئێستا کاک[ کەسێکی ترمان داناوە ] مان کردۆتە مەسولی بەڕ و بەحر، من لاریم لەو کەسە نی یە. حاڵی حازر ئێستا نەک هەر لەدەرەوەی بازنەکانی ئەواندام بگرە[ ی ن ک] ئەو پارتە سیاسی یەی کە هەمیشە و ئێستاو داهاتویش من شانازی پێوەدەکەم چارەنووسم لەژێر ڕەحمەتی ئیمزایەکە کە ژیانم بگۆڕێت لە ڕوی نەفسی یەوە مورتاحم بکات، بەداخەوە ئەوئیمزایە بۆ کەسانی وەک و من نی یە، تکایەک ئیمزایەک هەر وەک چۆن سەدان ئیمزا بۆ پرۆژەی پردێک ئەکەن کە پاش ساڵێک ئەڕوخێت!! ئیمزایەک کە هەموو تەمەنم بەقەدەر گەعدەیەکتان ناخۆم، ڕێزێک وەک یەکێک لە حیمایەکانتان کە خاوەن قەسرن بە 75 دەفتەرە دۆلار مەزەنە ئەکرێت، ئێێییییی کوردە بەشەرەفەکانی سوید!!!! ئەو فەلاحەی کە لە کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا ئەیبینن!! بڕیارەکانی ئەمڕۆی ی ن ک بە داخەوە لە ئاستی ئەودا هێمایەکی ڕاست و چەپە، ئای شۆڕش چیت بەسەر هێناین؟؟ کوا ڕۆژانی زرمەی ئاربی ژی یەکانتان؟؟ کوا ویژدان؟؟ کوا وەفا؟؟ کوا ڕێز، کورە کوا بەزەیی؟؟

خەڵکینە!! برادەرینە!! دڵنیاتان ئەکەمەوە لە جاران زیاتر خزمەت کاربم بۆتان، ، هەمیشە لە پێشەوەی بۆنە و یاد و نیشتیمان پەروەریاتان بم! بەشدار بم لە کێشە کۆمەڵایەتی یەکانی کورد لە سوید، باسەرکردایەتی ی ن ک یش پشتم تێ بکات، من هەر کوڕەکەی جارانم من خاوەن شەهیدم، من دڵسۆزی پەیڕەو پرۆگرامە جوانەکانی[ ی ن ک] م من دژی گەندەڵیم، دژ بە ماستاوچی یەکان ئەوەستم، پێم خۆشە هەموو کورد خاوەن پارەو سامان بێت!! ژیانتان خۆش بێت نەک وەک من! دڵنیاتان ئەکەمەوە خیانەت ناکەم هەروەک چۆن پێشتریش خیانەتم نەکردوە، ترسنۆک نیم و ماستاویش ناکەم، ، حیزبەکانی تر؟؟ ئەی ئەوانەی کە پێتان خۆشە نان و پیاز بە کارە ناڕێکەکانی ی ن ک ەوە بخۆم، وەرن بۆ لای سەدا کپ کراوەکانی من! نەک هەر نان و پیاز! بگرە ڕۆنیشی لەگەڵدایە و بە سەرکردایەتی یەکەی من بڵێن بۆ غەدرتان لەم کوڕە کرد؟ بۆ گەنجان و لاوان!! نەکەن بەدەردەکەی منتان بەرد ئێوە داوای مافی خۆتان بکەن من فەوتام لە ناو ی ن ک دا هیچم بۆ نەکراوە با ئێوە نەفەوتێن، دەنگ و سەدام بگەیەنن بە ئاسمانەکان بە خوا بە مرۆڤایەتی، بڵێن با شەهید فەلاح چیدی لەوە زیاتر غەدری لێ نەکرێت، لە کۆتایدا دەڵێم من بۆیە ئەم نامە کراوەم ئاراستەی ی ن ک کردوە! لە هەمو حیزبەکانی تری کوردستان بە دیموکراتی تری ئەزانم، ، هەر[ ی ن ک] بوو ژیانی منی خۆش کرد بە گوێرەی کارەکەم جار جارە وەکو هەموو کارمەندانی ئیعلام بە سێ یان بە چوار مانگ جارێک مەعاشێکی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئەدامێ و زۆر کاتیش ئەگەر شەڕی ناوخۆ کەم بوایەتەوە لە کاتی خۆیدا وەرمان دەگرت، [ ی ن ک] هیچ کاتێک پێویستی بە ماستاو کردنی من و خەڵکی تری نەبووە!! ببورن ئەگەر بڵێم هەندێ لە مەسولەکان حەزیان لە ماستاوی یە بگرە زۆر شتی تریش[ ... ] ئاخخخخخ... [ ی ن ک ] باشترین پارتی سیاسی کوردە خزمەتی بە هەڵەبجە و زۆربەی شارەکانی کردوە، ی ن ک ڕوباری خوێنی داوە بۆ ئازادی و سەبەخۆیی کوردستان، غەدری لە من کردوە!! مەرج نی یە غەدری لە هەموو کەسێکی تر کردبێت، کاک ئازاد جوندیانی بەڕیز تۆ کەسێکی ئەزانم سبەی ڕۆژ بە فیشەک وەڵامم نادەیتەوە، پێنوست پێ یە بە پێنووس وەڵامم ئەدەیتەوە، تکایە ئەم خەدرەت لە من کرد!! لە کەسی تری نەکەیت، چیتر من بەرگەی ئازارەکان ناگرم، تەمەنێکی کورتمان ماوە لەوە زیاتر خەدرم لێ مەکەن با سەداکانم کپ کراوتر نەبێت.

لەگەڵ ڕێز و سڵاوی

فەلاح ئەحمەد ڕەشید

2007/08/10

0046 (0) 737871594

وێنەیەک بۆ:-

- دەزگای پۆلیس و سێپۆ و موخابەراتی سوید!! ئەگەر بە جەڵدەی دڵ مردم؟؟ سەرکردایەتی [ی ن ک] تاوان باربکەن! پێیان بڵێن لەسەر ئێوە ئیقامەمان نەداوە بە فەلاح، بۆ بەخەفەت کوشتان؟
- سەرجەم دام و دەزگاکانی ڕاگەیاندنەکان

www. pukmedia. com-

- دەزگای مافی مرۆڤی[ ی ن ک ]
- خاتوو هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد[ کوردسات لە سلێمانی و سەنتەری سوید ] بەڕێز
- کۆمیتە و کەرتەکان و ئەندامانی ڕێکخستنەکانی [ ی ن ک ] لە سوید
- کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە سوید
- گەشەی ژنانی کوردستان لە سوید
- گشت برادەراکانم لەهەر کوێ یەک هەن تکایە بڵاوی بکەنەوە
- بۆ خوا و گشت ئاسمانەکان
- بۆ تۆش ئە خاوەن ویژدان

تکام لێتانە ئەگەر ڕاستم وەڵامم بەنەوە!! ئەگەر هەڵەشم ڕاستم بکەنەوە سوپاستان ئەکەم.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.